# کورتەیەك لەژیاننامەی
# شەهید سەربەست

* شەهید سەربەست مەحموود ناوی تەواوی (سیروان مەحموود فەتاح)ە، ساڵی ١٩٧٤ لەگوندی (مۆریاس)ی سەر بەقەزای شاربازێری پارێزگای سلێمانی لەدایك بووە.

* بنەماڵەو خێزانی شەهید سەربەست مەحموود بەشۆڕشگێڕیو ولاتپارێزی ناسراون باوکی شەهید سەربەست بەڕێز (حاجی مەحموود) بەشدارییەکی زۆر چالاکانەی کردووە لەشۆڕشی ئەیلولی مەزندا بەسەرۆکایەتی بارزانی نەمرو، بەپێشمەرگەیەکی زۆر چەلەنگ و ئازا ناسراوە، بەردەوام دوای هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لەساڵی ١٩٧٥دا لەپەیوەندیدا بووە لەگەڵ شۆڕش، شەهید سەربەستیش بەمنداڵی چەند جارێك لەگەڵ باوکیدا سەردانی ناوچە ئازادکراوەکان و پێشمەرگەی کرد بوو.

* خوێندنی سەرەتایی لەگوندی (مۆریاس) تەواو کردووە.

* هەردوو قۆناغی ناوەندیو دواناوەندی لەشاری سلێمانی تەواو کردووە.

* هەر لەتەمەنی قۆناغی دواناوەندیدا دەست دەکات بەخوێندنەوەی گۆڤارو رۆژنامەو پەرتووکە جیاجیاکان.

* ساڵی ١٩٩١ دەبێتە قوتابی بەشی کوردی کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین. شەهید سەربەست وەك قوتابییەکی رەوشت بەرزو خاوەن هزرێکی چەپی رادیکاڵ و ئینجاش لەڕێگەی پەرتووکەکانی بیرمەندانی نەتەوەیی لەسەرووی هەمووشیانەوە لەڕێگەی پەرتووکەکانی مامۆستا جەمال نەبەزەوە وەك مرۆڤێکی نەتەوەیی بەنێوبانگ دەبێت.

* ساڵی ١٩٩٥ بەپلەیەکی زۆر باش خوێندنی زانکۆی تەواو کرد.

* لەڕۆژانی ١٧و ١٨و ١٩٩٥/٣/١٩ وەك ئەندامێکی دامەزرێنەر بەشداری کردووە لەیەکەمین کۆنگرەی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK کە لەشارۆچکەی عەنکاوەی پارێزگای هەولێر بەستراو دوای تەوواو بوونی کۆنگرەکە لەڕۆژی نەورۆزی ١٩٩٥دا YNDK هاتە راگەیاندن.

* شەهید سەربەست مەحموود هەر لەیەکەمین رۆژی دامەزرانی YNDKوە زۆر بەگیانێکی نەتەوەییانەوە دەستی بەتێکۆشان کرد، رۆڵێکی زۆر سەرەکی گێڕا لەبەرزگار کردنی YNDK لەپاشکۆیەتیو هاوپەیمانێتی PKK کاتێك کە PKK لەشەوی ٢٥-١٩٩٥/٨/٢٦ شەڕی دژی پ.د.ك راگەیاندو هێرشی کردە سەر چەندین گوندو ناوچەی باشووری کوردستان.

* لەڕۆژانی ٥و ٦و ١٩٩٦/٥/٧ لەشارۆچکەی شەقڵاوەدا زۆر چالاکانە بەشداری کرد، لەدووەمین کۆنگرەی YNDKداو، لەهەڵبژاردنێکی دیموکراتیانەدا بەئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو ئینجاش بوو بەئەندامی مەکتەبی سیاسیو بەرپرسی ڕێکخستن.

* لەدوای کۆنگرە سەرەڕای فشارو راوەدوونانی دەستەڵاتدارانی سلێمانی زۆر چالاکانە کاری ڕێکخستنی لەشاری سلێمانیو ناوچەی شارەزوورو هەوراماندا ئەنجام دەدا، سەرپەرشتی کاروباری ڕێکخستنی YNDKی دەکرد.

* لەکۆتایی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٨ وەك ئەندامی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی سێیەم دەست نیشان کرا، کە لەڕۆژانی ١٠و ١١و ١٩٩٩/١/١٢ لەشاری هەولێر بەسترا، بەهاوکاری هەڤاڵانی دیکەی لیژنەی ئامادەکار توانی کۆنگرەکە بکات بەکۆنگرەیەکی نموونەییو، لەکۆنگرەکەدا بەئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی ئینجاش لەیەکەمین کۆبوونەوەی سەرکردایەتیدا بووەوە ئەندامی مەکتەبی سیاسیو بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی ڕێکخستن.

* وەك مرۆڤی کارە گرنگ و گرانەکانی YNDK لەژمارە (٥٦)ەوە، سەرەڕای ئەرکەکانی دیکەی، بووە سەرنووسەری رۆژنامەی (میدیا)، وێڕای بینینی رۆڵی سەرەکی لەدەرکردنی گۆڤاری (سەرخۆبوون) کە خۆی خاوەنی ئیمتیازی بوو.

* شەهید سەربەست مەحموود بیرمەندێکی لێهاتووی نەتەوەییو، وڵاتپارێزو کورد پەروەرێکی دڵگەرم و، مرۆڤێکی رەوشت بەرزو بەوەفاو سەرنج راکێش و بەبەزەییو بوێرو هەق پەرست بوو.

* شەهید سەربەست مەحموود لەڕێگەی گوتەو کردارو نووسینەکانییەوە بەبەرگریکارو پارێزڤانێکی بوێرو ئازاو راستەقینەی ئاسایشی نەتەوەیی کوردو حکومەتی باشووری کوردستان هاتبووە ناسین، بۆیەش وڵاتپارێزان و کورد پەروەران خۆشیان دەویست و، دوژمنان و ناحەزانی کوردو کوردستانیش هەمیشە رقیان لێ هەبوو.

* مخابن دوژمنان تیرۆریستان ڕێگەیان نەدا شەهید سەربەست مەحموود زیاتر تێبکۆشێو خزمەتی نەتەوەکەی بکات و، لەئێوارەی رۆژی ٢٠٠٠/٥/٣١دا زۆر بەنامەردیو دڕندانەو هۆڤییانە شەهیدیان کردو جەستە پیرۆزەکەیان لەنێوان هەردوو ئۆردووگای بنەسڵاوەو دارەتوی سەر بەپارێزگای هەولێر فڕێدا.

* جەستەی شەهید سەربەست رۆژی ٢٠٠٠/٦/١ لەهەولێرەوە برایەوە شارە خۆشەویستەکەی خۆیو لەمەراسیمێکی تایبەتیدا لەگۆڕستانی (گردی سەیوان)ی شاری سلێمانی بەخاك سپێردرا.

هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی شەهید سەربەست مەحموودو گشت شەهیدانی ڕێگەی سەربەخۆییو ئازادیو یەکگرتنەوەی کوردستان.